به ناوی کوردستانی گەورە !

# با " قوڕی قەڵا "، ئەشکەوتی هەرە گەورەی کوردستان بناسین

ح. س. سۆران
soran909@hotmail. com
2003/6/19

(ئەم باسە لەسەر بناغەی ئەو شتانە نووسراوە، کە لە دیتنی ئەشکەوتەکەدا، دیومە و بیستوومە) .

هەمووومان دەزانین، کە کوردستانی دابەشکراوی گەورە، هەرێمێکی زۆر پان و بەرینە و رەنگە پێنج بەرابەری وڵاتێکی وەک لوبنان ببێ . لەم مەڵبەندە بەرینە دا، جێگەی گەلێ سەرنجراکێش هەیە، کە پێویستە بناسێنرێن . ناساندن و ناسینی ئەو جێگەگەلە، ئەرکی سارشانی گشتمانە و دەتوانێ قازانجی بەربڵاوی فرە لایەنەی ببێ .

یەکێک لەو جێگەگەلە، کە زۆر پێویستە بناسێنرێ، ئەشکەوتی مەزن و کەم وێنەی قوڕی قەڵا یە . ئەشکەوتی قوڕی قەڵا، لە ناوچەی هەورامانی رۆژهەڵات، لە سەر رێگەی قیرتاوی، نێوان شاری پاوە و رەوانسەر هەڵکەوتوە.

ئەم ئەشکەوتە، بە پێی وتەی خەڵکی ناوچە، تا چەند ساڵ پێش کەس نەیدەزانی وەها زلەیە، بەڵام ئێستا دەرکەوتوە کە ئەگەر گەورەترین ئەشکەوتی کوردستانی گەورە نەبێ، یەکێک لە ئەشکەوتە گەورەکانە . دەڵێن چەند کیلۆمیتر درێژە، بەڵام ئێستا، تەنیا 500 میتری بۆ دیتنی خەڵک ئاواڵەیە . چۆمێکی ئاوی خاوێن، لە بن ئەشکەوتەکەوە دێتە دەرەوە و لە دەرگەی ئەشکەوتەکە دا، دەرژێتە خوارەوە . وتیان "ئەم ئاوە، لە ژێر کێوی سەربەرزی شاهۆوە دێ، کە لە پشت شاری پاوەیە ".

نێو ئەشکەوتەکە زور فێنک و بگرە سارد بو . پانایییەکەی تۆفیری دەکرد، بەڵام لە هەمو جێگەیەکیدا زۆر بە ئاسانی، لێی رەت دەبوین. شوێنی واش بو، نزیکەی دە میتر پان بو . نێوەکەی، لە درێژایی مێژودا، بەردەواڵە (قەندیل) ی جۆر بە جۆری، بە چەشنی پەیکەر (موجەسسەمە) لێ دروست بوە، کە کابرایەکی رێنوێن، ئەمانەی بە چرای دەستی لەیزێری، بە میوانەکان نیشان دەدا . بۆ خۆشی زۆر ناوی جۆربەجۆری لەم بەردەواڵانە نابو، بۆ وینە بە یکێکی دەوت موجەسسەمەی مریەم، بە یکێکی دەوت سەری شێر و لەم شتە خەیاڵیانە .

خەڵکێکی یەکجار زۆر لە ناوچە کوردنشینەکان، باقی شارەکانی ئێران و تەنانەت لە دەرەوەی وڵاتیشەوە، هاتبوون بۆ دیتنی ئەم ئەشکەوتە سەرنجڕاکێشە، کە دەیانتوانی بە کرینی بلیت بچنە ژوورەوە .

جێگەی خۆیەتی، کە ئێمەش هەمووومان ئەگەر بۆمان لوا، بچین و سەری ئەم ئەشکەوتە جوان و کەم وینەیە بدەین، تا هەم وەک گەڕۆک (توووریست) ، لە باری ئابووریەوە، یارمەتی ئەم ناوچەیە بدەین و هەم لە بەرجەوندی دڵاوێنی هەورامان، کە زۆر کەس بە بەهەشت و بە کابەی کوردەواری دادەنێین، کەڵک وەربگرین.

تێبینی کوردستان نێت:
ئەم نووسینە بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەرۆکەکەی بەرپرسیار نییە.